IKUF
Iransk Kurdiska Ungdomsförbundet i Sverige.

لاوان
کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی
یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی سوئێد

Democratic Youth Union of Iranian Kurdistan

## دامەزراندنی کۆمیتەی پشتیوانی و هاوکاری لە پەنابەرانی کورد

یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆمیتەی سوئێد. بەهەست کردن بەو بەرپرسیارێتی‌یەی کە کەوتۆتە سەرشانی و بۆ خزمەتی زیاتر بە پەنابەرانی کورد بڕیاری دروست کردنی "کۆمیتەی پشتیوانی و هاوکاری پەنابەرانی کورد" ی داوە بۆ پشتیوانی و هاوکاری هەرچی زیاتری پەنابەرانی کورد. ئەو کۆمیتەیە لە پێناوی دیفاع لە مافەکانی پەنابەران و پشتیوانی لە پرس و داخوازەکانیاندا کاردەکا.

لە پێناوی ئەو ئامانجەدا و بۆ خزمەت بە پەنابەران سود لە هەر ڕێگەیەکی گونجاو وەردەگرێ و بەتایبەتی لە ڕێگەی پێوەندی گرتن لەگەڵ لایەنە پیوەندی دارەکان و گەیاندنی پرس و داخوازەکانی پەنابەران بە جێگەی مەبەستی خۆیان.

بۆ جێبەجێ کردن و ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەی سەرشانمان داوای هاوکاری و پشتیوانی لە هەموو دڵسۆزان و مرۆڤدۆستان و بەتایبەتی پەنابەرانی نیشتەجێ لە وڵاتانی ئوروپایی و پەنابەرانی کوردی نیشتەجێ لە وڵاتی سوئێد دا دەکەین کە لە بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکەدا هاوکاریمان بکەن.

تێبینی:
لە داهاتوویەکی نزیکدا زانیاری زیاتر سەبارەت بەم کۆمیتەیە بڵاودەکەینەوە.

کۆمیتەی پشتیوانی و هاوکاری پەنابەرانی کورد.
29 .06 .2005
refugees@lawan. se

Iransk Kurdiska Ungdomsförbundet i Sverige. URL address: www.lawan.se , E-mail: lawan@lawan.se
Telefax: 004657019259, GSM:0046736710131, Post adress: skebokvarnsvägen 324, 124 50 bandhagen , Sweden.
یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران - سوئێد